# ڕێگای کوردستان

چوارشەممە (18)ی ئاب (ئۆکستس)ی 2004 ژمارە (606) ساڵی (59)

عەلی مەحمود Alimahmud2001@yahoo.com

-نەخۆشییەکەی سیستانی و لێدانەکەی موقتەدا بە موعجیزە هاوکات بوون . نازانم ئێستا سیستانی بە لۆکە ئاوی زمزم دەکرێتە دەمیەوە یان لێی ڕاکشاوە و بە پێکەنینەوە گوێبیستی هەواڵەکانی لێدانی سوپاکەی موقتەدایە . کورد لە زووەکەوە لە نێوان سەفەری سەرکردەکان و شەڕی حزبایەتی پەیوەندی دیالیکتیکی دۆزیوەتەوە!!! . بۆیە هاوکێشەکە حەل کراوە.

-گوندی بەشیر گوندێکی تورکمانشینی شیعەیە , هەمومان شایەدی کۆمەڵ کوژییەکانیین بەرامبەر جەماوەری ئەم گوندە لەسەرەتای هەشتاکان ئەنجام درا , گەڕانەوەی خەڵکی ئەم گوندە نەك مافی خۆیانە بەڵکە پێویستە قەرەبوی زەرەرو زیانەکانیشییان بۆ بکرێتەوە , تا ئێرە نۆرماڵە و کوێر بێت ئەوەی لە گەڵیدا نەبێت , بەڵام ئەوەی نۆرماڵ نییە ئەوەیە مەجلس ئەعلای ئیسلامی عێراق تا ئێستا لە ئاست تەعریبی کوردستان بێدەنگە و جار جارەش بە شەرمەوە داکۆکی لێدەکات . بەڵام لە بەر ئەوەی خەڵکی بەشیر شیعەن و عەرەبە هاوردەکان سونین ئەوا بەرەی خەڵکی بەشیریان هەڵبژاردو بڕیاریان دا تا 7-9ی ئەم ساڵ پێویستە عەرەبە هاوردەکان گوندی بەشیر چۆڵ کەن . ئەوە کوردیش شیعە بوایە باوە سیستانی نەك بەرامبەر 1200 ئیمزای مەلای دوازدە عیلم بێدەنگ نابوو بەڵکە بە 1 ئیمزای فەقێیەکی جوزم عەمە خوێن فتوای دەرەکرد و تەعریبی تەحریم و تەکفیرە کرد .

-زۆربونی ئۆتۆمۆبێل خێرو بەرەکەتی هەموانی تێدایە , مروری زیاتر ,فیتەری زۆرتر , بۆیەچی , پەنچەرچی , کوشنچی , ... ئەوەی بیری لێناکرایەوە ئەوە بوو بازاڕی ڕۆژنامەش گەرم بکات, بە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکانی کڕین و فرۆشتن نا , بە بەکارهێنانی لە بۆیەکردن و جام سڕینەوەش نا , ئەدی چۆن ؟؟. ئەوەتە ڕۆژنامەیەك ڕۆژانە ناوی ئەوانە بڵاو دەکاتەوە کە ناویان بۆ ترای دەرەچێت , بازاڕی خۆی پێ گەرمە کات , دەترسم تەوزیعی بایەعییەکەش لە داهاتودا بکەوێتە ڕۆژنامەی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە , جارێك کیلۆ نۆکە کرماوییەکە بڵاوکاتەوە جارێکی کە مژدەی هاتنی گریسی خۆراك بە هاووڵاتیان بدات . چی بکرێت هەر بازاڕی گەز و فەلافل لە ڕۆژنامە خۆشترە بێت . گوێی مەدەنیٔ هەموو ئەمانە هەنگاون لە پێناو بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردستان .

-ئەریٔ نازانم چەند لیژنەی ئۆلمپی و وەرزش لە کوردستان هەیە , هیچ نەبێت هەر حکومەتەی دانەیەکی هەس . ئەوەی لە بیریان نەبوو ئەنجامی بدەن ئەوە بوو کوردیش وەك فەلەستینییەکان بەشداری خولی ئۆلمپی جیهانی بکات لە ئەسینا بە بەرگی کوردییەوە , ئەگەر شەڕ لەسەر ڕەنگی جامانە هەڵنەگیرسایە , ئەوە لە ئارمی ئۆلمپی عێراقی بگەڕێ دارخورماکەی تێدا دەشەکێتەوە بەڕوش هەر با بۆ بێکەسی خۆی لە سەر چیاکانەوە بلاوێنێتەوە . ئەوە بۆ قاچاخچێتی بوایە نەك یەك وەفد , یەك فەیلەق وەرزشەوان دەنێردرا بۆ ئەسینا. نێجیرییەکان لە بەر ئەوەی وڵاتەکەیان موسڵمان و کریستانی تێدایە هەردوو لایان بە بەرگی خۆیانەوە بەشدار بوون , ئەگەر عێراق بە ڕاستی عێراقی هیوایە نەك عێراقی عەگال , ئەوا کورد و تورکمان و ئاشور و کلدانیش دەبوایە بە بەرگی فۆلکلۆری خۆیانەوە وەفدی عێراقییان بکردایە . ئاخ بێکەسی.